سودانی : لە ئەولەویەتەکانی حکومەت باشترکردنی خزمەتگوزاری و بژێوی هاوڵاتیانە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە جەختی کردەوە کە لە ئەولەویەتەکانی حکومەت باشترکردنی خزمەتگوزاری و بژێوی هاوڵاتیانە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیندراوێکدا بڵاویکردەوە " محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەمڕۆ پێنجشەممە پێشوازی کرد لە جێگری پێشووتری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕافع حیاد عیساوی و هەردوو وەزیرانی پێشووتری پلاندانان سەلمان عەلی جومەیلی و نوری سەباح دلەیمی".

هەروەها ئەوەیش هاتووە کە "لە میانەی دیدارەکەدا تاوتوێی بارودۆخی گشتی و دۆسیە گشتییەکانی کرا لە وڵاتدا و چەنیەتی پاڵپشتیکردن و پەرەپێدانی هەوڵەکانی حکومەت کە لە بەرنامەکەیدا هاتووە، لەوانە ئەولەویەتەکانی حکومەت بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاری و بژێوی هاوڵاتیان".

هەر بە گوێرەی ڕاگەیندراوەکە سەرۆك وەزیران" جەختی لەسەر گرنگی هەوڵی هاوبەش کردەوە

لەلایەن هەموو هێزە سیاسییەکانەوە، لەپێناو پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی، کە ڕەنگدانەوەی دەبێت لە تەواوکردن و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی گەشەپێدان کە خزمەت بە عێراقییەکان دەکات لە پارێزگا جیاجیاکان".